سەرۆک وەزیران ڕازامەندی لەسەر تەرخانکردنی پارچە زەوی بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی وەزارەتی داد دەدات



ئەمڕۆ دووشەممە خالید شوانی وەزیری داد لەگەیاند، محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕازامەندی لەسەر تەرخانکردنی پارچە زەوی بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی وەزارەتی داد لە بەغدا و پارێزگاکان دەربڕی.

وەزارەتی داد لەڕاگەیەندراوێکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە بڵاویکردەوە،محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕازامەندی لەسەر تەرخانکردنی پارچە زەوی نیشتەجێبوون بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی وەزارەتی داد لە بەغدا و پارێزگاکان دەربڕیە.ک، ئەم بڕیارە لە وەڵامی داواکارییەکدا هاتووە کە لەلایەن وەزیری داد خالید شوانی پێشکەش کراوە، وەک پێزانینێک بۆ ئەو هەوڵە بڕچاوانەی فەرمانبەرانی وەزارەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و خزمەتکردنی هاووڵاتیان.

شوانی بەپێی ڕاگەیەندراوەکە جەختیکردەوە کە ئەم بڕیارە دەرئەنجامی بەدواداچوونی بەئەمەک وپڕشیی بڕدوامێتی بە دابینکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت و دەستبەرکردنی ژیان و سەقامگیری کەمایەتییان و هاریکاریکردنیان بۆ بڕدوامبوون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بۆ پێشێیەکی بڕزەوە. هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە پڕپێدانی دەخی خزمەتگوزاریی فەرمانبەران لە

پێشینەی کارەکانی چاکسازێتی لە وەزارەتی داددا.

شوانی ووتیشیکردووە کە دابینکردنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی داد
نوێنەرایەتی پشتیوانییەکی مەعنەوی گەورە دەکات، کە هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای حکومەت بۆ تواناسازیی
فەرمانبەرانی حکومی و، بەشداری دەکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەخشینی دامەزراوەیی و چەسپاندنی
ڕەوایی وەزارەت لە پتەوکردنی سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی دادپەروەری لە سەرتاسەری وڵاتدا.